SORANI

# نوسینگەی خزمەتی کۆچبەران

# لە شاری ئەوڵو چیە ؟

بەشی خزمەتی کۆچبەرانی شاری ئەوڵو خزمەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستیت پێشکەش دەکات، ئەگەر:

- پەنابەربیت
- داواکاری پەنابەری بیت و مۆڵەتی مانەوە ( ئیقامە) ت بۆ دەرچووبێت.
- کۆچکردووی گەڕاوە بیت.

هەر کۆچبەرێك بۆ ماوەی ۳ ساڵ پەیوەندی بە بەشەکەوە دەبێت (گەڕاوەکان ٦ مانگ)، پاشان ئەو کەسە دەگوێزرێتەوە بۆ خزمەتە سەرەکیەکان.

**خۆگونجاندن چیە؟**

خۆگونجاندن پرۆسەیەکی تاکەکەسیە، کە لە پێویستیە تایبەتەکانی خۆتەوە دەست پێ دەکات. کارمەندانی بەشی خزمەتی کۆچبەران لە پرۆسەی خۆگونجاندنتدا یارمەتیت دەدەن. ئامانجیش لە خۆگونجاندن ئەمانەن:

- فێربوونی زمانی فینلەندی
- ئاشنابوونت بە فینلەندا و داب و نەریتەکانی
- پەیدا کردنی کار
- پارێزگاریکردن لە زمان و داب و نەریتی خۆت.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

بەشی خزمەتی کۆچبەران Maahanmuuttajapalvelut

ناونیشان: Kauppurienkatu 8B, 4. krs (نهۆمی ٤ )

کاتەکانی کارکردن: دووشەممە – هەینی لە کاتژمێر ۹:۱۵ تاکو ۱۵:۳۰




**خزمەتەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی**

- ئێشکگری
  دووشەممە، سێ شەممە، چوارشەممە و پێنجشەممە
  لە کاتژمێر ۹ دەست پێ دەکات
  ناونوسین لە کاتژمێر ۸ بۆ ۱۰
  بۆ کاتەکانی تر دەبێت کاتی تایبەت بگیرێت

**خزمەتە تەندروستیەکان**

تەلەفۆن: ۰٤٤ ۷۰۳٤۸۸۱، ۰٤٤ ۷۰۳٤۸۸۲، ۰٤٤ ۷۰۳٤۷٦٦

- ئێشکگری
  دووشەممە، سێ شەممە، چوارشەممە و پێنجشەممە
  لە کاتژمێر ۱۰:۰۰ بۆ ۱٤:۰۰
  ڕۆژی هەینی لە کاتژمێر ۱۰:۰۰ بۆ ۱۳:۰۰
  بۆ کاتەکانی تر دەبێت کاتی تایبەت بگیرێت

ئێشکگریی شەوانە و کۆتایی هەفتە

تەلەفۆن: ۰۸ ۳۱٥ ۲٦٥٥ (ڕێنمایی تەندروستی)

نەخۆشخانەی ئەوڵوی زانکۆیی Oulun yliopistollinen sairaala

ناونیشان: Kajaanintie 50 دەرگای A1.

بەشی خزمەتە تەندروستیەکان ئەم شتانە پێشکەش دەکات:

- پشکنینە تەندروستیەکان
- بەدواداچوونی نەخۆشیەکان
- بەرنامەی کوتان
- ڕێنمایی پزیشکیی منداڵان
- زانیاریە تەندروستیەکان ( خۆراك، چارەسەری خۆبەخۆ ....)
- هاوکاریی پرۆسەی خۆگونجاندن

کارمەندانی بەشی خزمەتە تەندروستیەکان:

- پەرستارەکان
- دکتۆر

دوای کۆتایی هاتنی ماوەی خۆگونجاندن، کۆچبەر ئەم شتانە دەزانێت:

- بایەخ دان بە تەندروستیی خۆی و
- بەڕێوەبردنی کارەکانی لە بنکەی تەندروستیی تایبەت بە خۆی.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

بەشی خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان ئەم خزمەتانەت پێشکەش دەکەن:

- نەخشەی خۆگونجاندنن، کە تیایدا بیر لەو بابەتانە دەکرێتەوە کە لە ژیانی فینلەندا یارمەتیت دەدات
- ئاراستەکردن و یارمەتیدان لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا (ماڵ، دەوروبەر، کاروباری بانك، خولیاکان)
- یارمەتی دان لە پرۆسەی کۆکردنەوەی خێزان
- فێرکردن و ئاراستەکردنی پیشەیی
- یارمەتیی ئابووری بۆ خۆگونجاندن
- پێشکەشکردنی داخوازینامە بۆ بەرژەوەندیەکان

**کارمەندانی خزمەتی کۆمەڵایەتی:**

- کارمەندانی کۆمەڵایەتی (سۆسیال)
- ڕێبەرەکان
- یارمەتیدەرانی کاروباری ناوماڵ
- کارمەندانی ژمێریاری بەرژەوەندیەکان

**ماف و پابەندبوون**

لە ماوەی پرۆسەی سازاندا کۆچبەر یارمەتیی دارایی سازان وەردەگرێت (واتە پارە). تۆش ئەگەر داهات و دەرامەتی خۆت یان خێزانەکەت بەشی پڕکردنەوەی خەرجە پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانە نەکات مافی وەرگرتنی ئەو یارمەتیەت هەیە.

لە هەمان کاتیشدا **پابەند دەبیت** بە بەشداریکردن لە کردەوەکانی خۆگونجاندن (خوێندنی کۆرس، کۆبوونەوەی زانیاری هتد.) وە ئەگەر لە کردەوە بڕیاردراوەکانی خۆگونجاندندا بەشداری نەکەیت بۆی هەیە ڕێژەی ئەو بڕە یارمەتیەی کە پێت دەدرێت کەم بکرێتەوە .

ماوەکەت لە خزمەتی کۆمەڵایەتیدا بەم شێوەیە دەڕوات:

**١. جێگیرکردن لە تۆماری شارەوانی**
١-١پێشوازی
١-٢ ئاراستەکردنی ماڵ دانان
١-٣ ئاراستەکردن بۆ دەزگا جۆراوجۆرەکان
١-٤ نەخشەی خۆگونجاندن

**٢- قۆناغی گونجان**
٢-١ فێرکاری و ئاراستەی پیشەیی
٢-٢ یارمەتیی دەروونیی کۆمەڵایەتی

**٣- کۆتایی هێنانی پەیوەندی**
٣-١ هەڵسەنگاندنی خۆگونجاندنەکە
٣-٢ کۆتایی هێنانی قۆناغی خۆگونجاندن